# تۆرانیەکان دەیانەوێت کوردستان داگیر بکەن

توانا عەلی twanaali2002@yahoo.com

ماوەیەکە ڕژێمی تورکیا سەرقاڵی کارکردنە بۆ هێنانە دی ئەو ئاواتە داگیرکاریانەی کە بە سەرانی دیکەی وڵاتەکەیان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆیان نەهاتە دی. ئەوەتا ڕژێمی تورکیا ڕۆژانە لە سەر زاری گەورە ژەندرمەکانی خۆیانەوەو بە ڕاگەیاندنە بەردەوامەکانی گەورە ژەندرمەکانیانەوە دەیانوێت ڕێگە بۆی ئەوە خۆش بکەن کە لە ژێر پەردەی جۆراوجۆردا خاکی پیرۆز و ڕەنگینی کوردستان بە پۆستاڵی ڕەش و داگیرکارانەیان بخەنەوە ژێر چەپۆکی جەندرمەکانیان. خەڵکی کوردستان ئاگاداری ئەوەیە کە چ ئامانجێك لەپشت ئەو ڕاگەیاندنە چەواشەکارانەی سەرانی تورکیاوەیە بەڵام سەد حەیف و مەخابن کە دەسەڵاتدارانی تورکیا نەك هیچ ڕێزێك بۆ ئیرادەی خەڵکی کوردستان دانانێن بەڵکو سورن لە سەر ملهوڕی خۆیان بۆ دووبارە کردنەوەی ئەزموونە داگیرکارییەکانی دەیان ساڵ لەوەو پێشیان. ئەوەتا سەرانی تورکیا بە موناسەبەو بێ موناسەبە کەوتوونەتە باس کردنی ئەوەی کە لە کاتی هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق ئەوانیش سوپای خۆیان بۆ کوردستانی عێراق ڕەوانە دەکەن، سوپای تورکیا جگە لە مەبەستی داگیرکاری بۆ کام مەبەستی دیکە دێتە ناو خاکی پیرۆزی کورد و کوردستانەوە. هیچ پاساوێکی عەقڵانی و سیاسیانە بۆ هاتنی سوپای تورکیا نیەو خەڵکی کوردستان وەك هێزێکی دۆست سەیری هاتنی سوپای تورکیا ناکات چونکە سوپای تورك لە مێژووی دوورو نزیکی ناوچەکەدا جگە لە مەبەستی داگیرکاری و زەلیل کردنی گەلانی ناوچەکە بۆ هیچ مەبەستێکی دیکە ڕووی لە ناوچەکە نەکردووە، کێ هەیە قوبرسی دوێنێ و عوسمانیەکان و مەغۆل و تاتارەکانی ڕابردووی لە بەر چاو نەبێ. تۆرانیەکان ئەگەر ئامانجیان داگیرکاری خاکی پیروزی کوردانیان نیە ئەو هەموو بالۆرەیە بۆ چ مەبەستێك لێ دەدەن و دەبێ کام زەرورەت لە ئارادا بێت بۆ هاتنی سوپا داگیرکارو تەماع بازەکەی تورکیا، تۆرانیەکان خۆ بەشێك نین لە هێزێکی نێودەوڵەتی وەك هێزەکانی ISAFلە ئەفغانستان تاوەکو هاتن و کارو ماوەی مانەوەیان و چوارچێوەی جوڵانەوەکانیان لە چوارچێوەی بڕیارو ڕاسپاردە یان هاوپەیمانیەکی نێو دەولەتی دا بێت، بۆیە جگە لە داگیرکاری تۆرانیەکان بۆ هیچ کەمەبەستێکی دیکە نایەنە ناو کوردستان. خەڵکی کوردستان بە هەموو هێزە جیاجیاکانیەوە نەك هەردەبێ دەنگی ناڕەزایی بۆ هاتنی سوپاداگیرکارەکەی تورکیا بەرز بکاتەوە بەڵکو ئەوە ئەرکی هەموو کوردێکی بە شەرەف و وڵات پەروەرو نیشتمان دۆستە لە هەر کونج و شوێنێکی دونیادا بێت بە تواناو هەڵوێست و وزەیەکی پۆڵاییننەوە بێتە مەیدان و هەموومان پڕبە گەرووی شۆڕشگێڕیمان هاوار بکەین

ناناناناناا بۆهاتنی سوپای تۆرانییەکان.

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.......... 2003-1-15